قرطاسية

# الزوراء

دفتر المدرسي

| | | |
|---|---|---|
| Name | | الاسم |
| Class | | الصف |
| School | | المدرسة |
| Subject | | المادة |
| Year | | السنة |

٨ - ١ - ٩٦٦

institut kurde de paris

٢١/١/١٩٨١

٢٤/٩/١٩٨٦

# پێشڕەو

ژیان و ئامۆژگاری یە زنگ کاری یە کانی

کاربەدەستی هەڵە ورەی فەرمونـە

پێشڕەو کە بەکاریانی خوێنیش ئامادەبا

دەلێری :

شکر فتاح

وزارة الثقافة والاعلام
دائــــرة الرقــابة العــامة
رقــم لاجازة ٢٠
تأريخها ٢١ / ١ / ١٩٨١
عدد النسخ ١٠٠٠ ألف دانة
تعتبر الاجازة ملغاة بعد سنة واحدة

حذف المؤشر الخ

لە زنجیرە نووسراوانی زنگ کاری

ژمارە ⑤

ساڵی ١٩٨١

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة مديرية الرقابة
رقم الاجازة .... ٢٢٧
تاريخها .. ٢٤/٩/١٩٨٦
عدد النسخ ..... ٢ ..... نسخة فقط
تعتبر الاجازة ملغاة بعد مرور سته اشهر

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسمـوح

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

# ئەم نووسەرەوە

لە سەدەی شانزەهەم دا [فەرەنسە] دەینالاند بە دەست زۆرداری
کەمتەرخەمی فەرمان ڕەوایی فەرەنساوە.. لە ڕاستی دا، ئەوەی هەر
ناو [فەرمان ڕەوایی] بوو.. لە ڕەفتار دا هۆزەکی بوو.. خزمایەتی و
هۆزایەتی و لایەن گیریی بەلا بە کار دەهێنرا.. کەلکی گشتی لە کار دا نەبوو
کەلکی نابوختەی تایبەتی ئامانجی هەموان بوو.. هەرچی دز و درۆزن و
دوو ڕوو و لێ نەبڕاو بوو، ئەوە لە پێش بوو.. نە [دادپەروەری]
بایەخی پێ دەدرا، نە یاسا، نە فەرمان ڕەوایی.. هەرکەس بۆ خۆی بوو.
هەرکەس بۆ خۆپەرستی و پوولپەرستیی خۆی هەوڵی دەدا.. لە بەر ئەوە
نەتەوەی بەسەزمانی [فەرەنسە] ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو [نەخۆشی] و
[هەژاری] و [نەخوێندەواری] دەڕۆیشت.. جا لەو سەردەمە دا
[نەتەوەی فەرەنسە]ی هەژار و لێقەوماو، داوای دەستی
کاربەدەستێکی زرنگی بە خێک بوو، کە لە سەر پایەی [دیموکراسی] و
[خۆناسی] و [دادپەروەری] فەرمان ڕەوایی بکا و بیبات بەرەوە
تا کاروباری گشتی ڕێک بخاتەوە و نەتەوەیش سەر لە نوێ ڕوو
بکاتەوە گەشی و خۆشی و سەربەرزی.
جا خودا [ڕیشلیۆ]ی بۆ ڕەخساند، کە لە ناوەند ساڵەکانی [١٥٨٥-
١٦٤٢] دا ژیا.. [ڕیشلیۆ] هەرچەندە لە خێزانێکی هەژاری خانەدان دا
لە دایک بوو بوو، بەڵام توانی خۆی بگەیێنێ و [فەرەنسەیش

(ب)

مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

بە ئاواتەکانی خۆی بگەیێنێ . لە لە سێنتێلی کووڵەوە ، بەهۆی
خۆناسی و فەرمانبەری و نیشتمانپەروەری و چالاکیەکەیەوە ، توانی
خۆی بگەیێنێتە پایەی [سەرۆکایەتی کاربەدەستانی فەرەنسە]
شارەزاییەکی زۆریشی پەیدا کرد لە زانستەکانی [زانین] و [سەربازی] و
[وێژە] و [زیرەککاری] و [فەرمانداری] دا . بەهۆی ئەو
زانستانەوە لە بەکاری دەهێنان ، خەباتێکی هەژدە ساڵیی دا
کرد و، وازی نەهێنا تا فەرەنسەی لە دەست درێژیی پاشاو
کۆشکی شاه و ، لووتبەرزیی خانەدانە زەوی دارە گەورە
کان و ، سەرکێشیی [هێلکۆت]ەکان و ، بەرەڵڵایی
فەرمانبەرانی ناوچەکان رزگار کرد . هەروەها رێزگرتن لە
[یاسا] و [دادپەروەری] و [ئازادی گشتی] و [یەکێتیی
فەرەنسە]یشی فێری هەموان کرد . بەهۆی نیشتمانپەرستیی
ئەوەوە [فەرەنسە] لە ناوەوە و لە دەرەوە لەشی بووژایە
وە ، هێز و هەرەمی بە پەیدا کردەوە و ، سەریشی بەرز
کردەوە . پێچگە لەوەش گەشەی کرد بە خوێندەواری :
لەشی زانایان و وێژەوانانی گرت و یارمەتیی دان . خۆیشی
نووسەری دانا و ووتارێشی بلاو کردەوە . [ئ[illegible]ی فەرەنسە]
یشی هەر ئەو دایمەزراند .
[ناپلیۆ] ، هەرچەندە دوژمنەکانی ، کە یەکجار

مۆلەت — ئەدەب
تمت الاشارة ۱۰/۱ ...

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

گەورە و بە خێك بوون و بە خوێن پێژیان داوەتا ، بەڵام لە ڕاستیدا
لە کاربەدەستە هەرە گەورەکانی [ فەرەنسە ] و [ جیهان ]
دە ژمێرێ . خۆ ناسی یەکەی و داد پەروەری یەکەی و
کارامەیی یەکەی لە ڕاپەڕاندنی فرمانە گشتی یەکانی دا ، لەگەڵ
[ ئامۆژگاری یە زرنگ کاری یەکان ]ی ، کە لە کاتی سەرە
مەرگیدا پێشکەشی [ لویی شازدەهەم ] ، خونکاری
فەرەنسەی کردبوو ، ئەمانە هەموو ، چاکترین بەڵگەن
بۆ ئەوەی کە [ ڕیشیلیۆ ] پیاوێکی بلیمەت و ژیر و
لێ گەیشتوو و هونەرمەند و نیشتمان پەروەر و
چاکەخوازکار گوزار بووە و ، خۆی لە پێناو [ ئازادی ] و [ کامەرانی ]ی
نەتەوەکەی خۆی دا بەخت کردووە .
[redacted]
[redacted] شایستەی ئەوەیە ، کە ئەم
[ کورسی ] یە پێشکەشی خوێندەوارەکانی بکەم .
[redacted] لە ئێک و خۆشی ی لێ وەبگرن .

شێخ فەتاح
[ خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد ]
سلێمانی : ۱۰-۱-۱۹۶۶

(1)
وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

# خۆشی بێ و ترسی بێ پیاوانی ئایینی بوو!

تا هەژدە ساڵیش فەرەنسە بەترس و لەرز و دڵ پیاچوونەوە،
بە مەترسی و هیوایەکەوە سەیری کە پێشکەوتنی کرد، کە
فشو هەوری بەرگ ئایینییەکانی لەناو هۆڵ و ژوورەوەکانی
کۆشکەکانی [لۆڤر] و [سان جێرمێن] دا، پێشم وەفینی
لەدڵی شاژنی فەرەنسا و خانەدانە خاوەن زەوییەکانیدا
هەڵدەگیرسانە و مەترسی بیشیان دەدان!..
«ریشیلیۆ» کە پێشکەوتبوو کە توانی هەموو دەسەڵات
دارێک لە فەرەنسەدا بخاتە ژێر دەستی خۆنکاری فەرەنسا
کە تا ماوەیەکی درێژیش، لەوە پێش، یاری [illegible] بووبە
دەستی کەنیزەکان و دەستەی ناوانی ناوکۆشکی
شاهەوە کە بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان دەسووڕاند و
یارییان پێدەکرد. کە توانی فەرمان ڕەوایی فەرەنسا
بخاتە پێش هەموو فەرمان ڕەواییەکانی ئەوروپاوە!
بەڵێ ئەم بوو: «ئەرمان جان دی پلیسی دی ریشیلیۆ»
یاخود هەروەک مێژوو ناوی بردووە، ئەم بوو:
«کاردینال ریشیلیۆ»!..
ئەم پیاوە لە خێزانێکی هەژاری خانەدان لە دایک بووبوو،

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

لە شاری «پوالتو» دا، لە ساڵی ١٥٨٥ دا..
لە ناوچەیەکی واڵسیدا گەورە ببوو لێ گەڕێت، کە گیانی سەر
بازی یان بە شتێکی گەورە دانەنا.. هەر بۆیە ئەوەندە تەمەنی
گەیشتە نۆ ساڵان، ناردیانە شاری «پاریس»، بۆ
بەرزترین زانستگای سەربازی کە ناوی [ دونافار ] بوو، پاشان
نێرایە زانستگای «پلوفنیل» کە لەوێ دا بیتە سەرباز و لە
دەستەی پیاوانی حکوومەتدا دابمەزرێ.. لەوێدا، بە تایبەتی
زۆر لە بازی و هونەری جەنگەوە، فێری هەر لەبەرکێ لێی بوو.
دەرگاکانی هیوالێی لێ کرایەوە. بەڵام هێشتا
تەمەنی نەگەیشتبووە حەوده ساڵان، دایکی بوو بە بێوەژن
نامەیەکی بۆ ڕەشلیۆنار، لە جێگای کە شێتی ی
«لیۆن» جۆل بووە و لە ناو هەموو ئاکانیشیانەوە
هەڵبژێراوە ئەو فەرمانە بیات بە ئەلیعە. چونکە ئەو
کەسێکی شایەتی یە هەر بۆ خزانی ئەوان تەرخان کراوە!.
[ڕەشلیۆ] بەم نامەیە ئارەزووی شکا و هەر هیوای
ئاواتێکی ناخی کوڕێتی ی لە دڵدا بوو پەرش و بڵاو بووەوە و
نەما!...

«ڕەشلیۆ» دڵی نەدەچوو بە کاروبارەکانی کلێسادا،
لەگەڵ ئەوەیشدا، وا هەڵکەوتبوو، هەر فەرمانێک بخرایە

Institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

سەرشانی، بەدڵ جێبەجێی نەکرد. لەبەرئەوە بەهەمووکوڵی
دڵیەوە دەستی دایە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەونووسراوە
ئاینیانەی کە پێویست بوو لەسەری فێریان بێ. ئیتر هەر
ئەوەندە نەمەنی کە پێشتر بیست و دوو ساڵی، کرا بە
گەورەی کڵێسای «لیبۆن»، کە لە هەموو ناوچە ئاینییە
کانی فەرەنسە هەژارتر و بێبیس تربوو!.. کابرای سەرباز
کە ناچار بوو چل و یەک کە سەیشی لەلاتە بەرخۆی، شانی
دایە بەر فەرمانەکەی خۆی و، دەستی کرد بە راستکردنەوە
و چاککردنەوەی هەموو کاروبارێک کە دەکەوتنە بەردەستی!
ناوچە ئاینییەکەی خۆی حەشارێک و پێکی یەوە بەهۆی
دەسەڵاتی دۆست و برادەرانییەوە کە لە کۆشکی
شاهدا بوون، توانی لەو باجگەلانەی بەسەر دانیشتووانی
ناوچەکەیەوە بوون، تائەندازەیەکی باش سووک بکات.
لەبەرئەوە زۆری لێ نەچوو، «ریشیلیۆ» بەهۆی ئەم
تێکۆشان و کاروبارە ئێک حستنانەیەوە، وای لە
دانیشتووانی ناوچەکەی خۆی کرد، کە هەموویان خۆشیان
بوێ و رێزی لێ بگرن و پشتی لێ ببەستن.

institut kurde de paris

# لە گۆڕی چینەکان و کۆشکی شادا!

بەڵام «ڕێشیلیۆ» خاوەنی ئاواتی گەورە گەورە بوو.
بەم دانەمرکانەوە. ئینجا کە خونکار «هەنری چوارەم»
یان لە ساڵی (١٦١٠) دا کوشت و شاژن «ماری دی
مێدیتشی» بوو بە ڕاوێژکاری خونکارە بچکۆلەی کوڕی،
کە هێشتا منداڵ بوو، کە شتیشی لاو ئەمەی بە هەلێک
زانی کە بۆی هەڵکەوتوە. چونکە سەردەمی فەرمانداریی
سەربازەکان بەسەرچووبوو، کە واتە پێویستی بوو سەردەمی
پیاوانی قەڵەم و پیاوانی خونکار بێتە پێشەوە و بۆ
فەرمانداری کردن. ئەو کاتە خونکار، «لویسی سیازدە
هەم» لە تەمەنی نۆ ساڵان دابوو...!
جا لەگەڵ ئەوەشدا کە «ڕێشیلیۆ» لە شاری «پواتو»دا
مایەوە و کەم کەم نەبێ بەهیچی نەهێشت بچێت بۆ «پاریس»
بەڵام هەر لە ناو کارێکی دا بوو لەگەڵ هاوڕێکانی دا. ئەوان
ئەوەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان کە هەموو دەم لە کارەسات و
ڕووداوی ناو پایتەخت ئاگاداری بکەن. زۆریشی لێ نەچوو کە
گۆڕی چینەکان دامەزرا لە ساڵی ١٦١٤ دا. ئەندامەکانی لە نوێنەرانی
قەڵەب و لە خانەدانەکان و لە خاوەن زەوییە گەورەکان پێک
هاتبوون. «ڕێشیلیۆ»ش یەکێک بوو لەو ئەندامانە کە لە

institut kurde de paris

وزارة الاعلام (٥)
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

تیا کانەوە سنی بون. بە هەموو توانای دڵی خۆیەوە تێکۆشا کە سەرپێچی
(( جاری ری مینیتیشی )) بکات. ئەمیش زۆری پێ نەچوو، دڵی
چوو بە زرنگی ی کەسێتی دا، کە هێشتا تەمەنی لە بیست و چوار سالان
تێپەڕی نەکردبوو. (( ڕێشیلیۆ ))ی کرد بە سەرپەرشتی کاری
سامانە تایبەتیەکانی شاژنی دوا ڕۆژی فەرەنسە، کە ناوی
(( ئان ))ی ئەمەریکی بوو، ژنی (( لویسی سیانزەهەم ))ی کوڕی..
ئەم سامانانە بۆ ئەوە تەرخان کرابوون کە دەست گیرۆیی
هەژار دڵی قەوماوانی پێ بگرێ .. بەم ڕەنگە (( ڕێشیلیۆ ))
لە کۆشکی شاژنی فەرەنسەدا جێگای بۆ خۆی کردەوە.
لەو سەردەمەدا هەر کەسێ لە کۆشکدا بوایە وە سەر بە مرۆڤێکی
گەورە بوایە، کاری بۆ ئەچووە سەر.. لەبەرئەوە هەنگاوێک مابوو
بۆ (( ڕێشیلیۆ )) کە بگەیتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بگات
بە ئاواتی خۆی .. ئەیەویست بگاتە کورسی ئەنگلیکاریگەرەوە

## ڕێشیلیۆ لەناوەندی هۆزکار و داپگیدا!

لەو سەردەمەدا، فەرەنسە کەوتبووە گێژاوی ئاژاوە و
تێک چوونەوە.. حزبێک بوو لەناو ئەوچوو.. شاژنی دایکی
حوکمدارێتی ئەیەحکا، ناشی و نەزان بوو. ئەوەندەی حزبی
بەهێز دەسەلاتی ئەکرد، ئەوەندە و زۆرتر لێ کارەوە

بێ کەڵک بوو.. هەرچییەکی لە دەست هات کردی، هەر بۆ ئەوەی کوڕە
کەی خۆی لە کاروباری فەرمانڕەوایی دوور بخاتەوە. کەچی
هەر لەو کاتەدا، ڕێگای بەرەڵڵا کردبوو، بۆ کەنیزەکە پشت
کۆماوەکەی خۆی، «لیۆنۆرا» و مێردە پشت کۆماوەکەی،
«کۆنشینی» کە بە ئارەزووی خۆیان فەرمانداری بە سەر فەرەنسەدا
بکەن و یارمەتی بدەن لە تاڵان کردنی گەنجینەی فەرەنسەدا،
بۆ کەڵکی تایبەتی خۆی!.. ئەو ژن و مێردە بە چارەسەر بوون.
«کۆنشینی» لە [illegible] خانەدانەوە هاتبوو. بەڵام
«لیۆنۆرا» کچی جل شۆرێک بوو، کە لۆبوو دایەنی شاژن!.
«ریشیلیۆ» جگە لەم خۆیەم فەرمانداری یە ئەوە کرد.
لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو فەرمانداری بوو ئەوکە بیتیە پیاوێک
پیاو سەربکەوێ لۆ ئەو پایەیەی کە بۆ خۆی خواست، بەو
هیوایەی کە بتوانێ لەو ڕێگایەوە بە کەڵکی تایبەتی خۆی بێت!
بەم ڕەنگە، هەرچەند مانگێکی پێ چوو، کە خونکاری لاو
ژنەکەی خۆی مارە کردبوو، «کۆنشینی»، پایەی کاربە
دەستی جەنگی بەخشی بە «ریشیلیۆ». ئەوسا لە ساڵی
١٦١٦ بوو. ئا بەم ڕەنگە بۆ یەکەمجار لاوە، هاتە ناو کۆڕی
جەنگی زەنگ کاریەوە!..
لەو کاتەدا خونکارە پچکۆلە، «لویس»، تەمەنی لە شازدە

شانزە ساڵی . هەر بەوەوازی نەهێنا ، کە بەناو خونکار بێ !..
شەوێک لە شەوان ، خونکار تا درەنگی لەگەڵ وەستای بازی ڕاو
ڕاوکردن دا مایەوە ، هەر خەریکی چرپە چرپ بوون لەگەڵ یەکتردا .
کە لە بەیانی «گولشێنی» ڕووی کردە کۆشکی «لوفر»
لەناکاو گولەباران کراو کوژرا !.. «لیۆنورا» ی ژنیشی
لە بەندیخانەکەی «باستیل» دا (ساڵێک) توند کرا . «ماری دی میدیشی»
ی دایکی خونکاریش دوور خرایەوە بۆ شاری «بەلوا» ،
کە «ریشیلیۆ» ئاشکراشی دوای کەوت .. ئیتر
لەوساوە وەستای بازەکان «شارل لالبێر دو
لوین» و «لوینی» فەرمانڕەوایان بەسەر فەرەنسە
دا کرد ، هەر لە ساڵی (١٦١٧) وە تا ساڵی (١٦٢٤) .
«ریشیلیۆ» لەو ساڵانەدا ، تاکوو بە هۆی زۆرزانی و
فروفێڵ و چاوڕاوکردنی خۆیەوە ، توانی بە کەڵکی شاژن
بێت . بەڵام هەر لەو کاتەشدا بەتەنگ ئەوەوە بوو ، کە لووتکە
ی خۆی لەگەڵ «دلوین» دا بەهێز بکات . ئینجا کە «لوین»
مرد ، «ریشیلیۆ» دەموودەست کەوتە ناوەوە و دەستی
کرد بە هات و چۆ کردن لە ناوەند خونکار و دایکیدا بۆ ئاشتی
پێکیان ناوە . لە ئەنجام دا شاژن گەڕایەوە ناو کۆشکی
شاهی . هەر دەسەڵاتیشی هەبوو بەکاری هێنا ، تا توانی

پاپەی [ کاردینالی ] دەست «ڕیشیلیۆ» بچێت ..
هەروەها هاندی خولقاریشی دا ، کە «ڕیشیلیۆ» ببێت بە
ئەندامێک لە کۆڕی کاربەدەستەکانیدا . ئینجا کە کۆڕی کار
بەدەستان کۆبووەوە لە ٢٩/٤/١٦٢٤ دا ، هەموولایەک
چاویان بڕیبووە ئەولاوە لاوازەی کە لە جل و بەرگێکی ڕەنگ
سووری کەسێکیاندا هاتە پێشەوە و بە ساردی و
لووت بەرزی یەکەوە ڕۆیشت بەرێگادا . هەر لەو کاتەوە
زۆر کەس ڕقیان لێی بووەوە . زۆر کەسیش ترسیان لێ
نیشت . پەردە درا کەلێی ، پەنجەی کێشا بۆ تەختێک
لە ڕیزی سێیەمدا ، کە [ کاردینال ] لەسەری دانیشێ .
بەڵام «ڕیشیلیۆ» بە سەرسامییەکەوە ڕۆیشت تاگەیشتە
سەر ئەو تەختەی کە لە تەنیشت تەختی سەرۆکی کاربەدەستانەوە
بوو لای «کاردینال دی لاڕۆشفۆکۆ»وە دانیشت ..
ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون ، لەم کارەی «ڕیشیلیۆ» یە ، بێزاریی
خۆیان دەربڕی .. بەڵام «ڕیشیلیۆ» لەبەر سەر خۆ
بە گرانییەکەوە لێی گوتن : هەر «کاردینال»ێک
لە پیاوانی کلێسە هاتە کۆڕی کاربەدەستانەوە ، پێویستە
لەسەری لە پێش ئەندامەکانی تری کۆڕەکە بکەوێ ..
بەم ڕەنگە ئەوانەی بەربەرەکانێی [illegible] یان لەگەڵ دەکرد ، تەریقی کردنەوە ..!

institut kurde de paris

حاڵە بەرئەوەی «لاڕۆشفۆکۆ» پیاوێکی پیر بوو، زۆرجاری
وا ڕووی دەدا، کە لێوی نەدەکرا بیبینە ناو کۆڕی کاربەدەستانەوە
ولەگەڵ ئەندامەکاندا کۆ ببێتەوە.. تەنیا بەهۆی ئەوەوە هاتنی
ئەوەوە، «ڕیشێلیۆ» جێگای دەگرتەوە.. وا بەوەش
بڕیاری پێدرابوو کە ئەندامەکانی هاوڕێی، دەربارەی ئەوە
دەریان دەبڕی، «ڕیشێلیۆ»، لەڕاستیدا هەر بوو
بەسەرۆکی ئەوکاربەدەستانە!..

## ڕیشێلیۆی جەنگاوەری زۆرەزان!

هەرچەندە «لویسی سیانزەهەم» لەدڵا حەزی لە «کاردینال
ڕیشێلیۆ» نەدەکرد، کە ئەو کاتە تەمەنی لە سی و حەوت
ساڵی تێپەڕی نەکردبوو، بەڵام بڕێکی پێوە دیاربوو کە ئەوەندە
ڕۆشن بیر و هۆشمەندە، لە توانایدا هەیە کە گەلێ بە جار
زۆر بەرەو پێشەوە بگرێتێ. لەبەر ئەوە، زۆری پێ نەچوو، لە
پاش دووساڵێک کۆڕی کاربەدەستانی هەڵوەشاندەوە
«ڕیشێلیۆ»ی کرد بە سەرەکی کاربەدەستان. ئیتر
لەوساوە «کاردینال ڕیشێلیۆ» دەستی کرد
بە دڵسۆزی نواندن بۆ خزمەتکار و بۆ فەرەنسە.
لێرەوە یەکێ واشی لەخۆی دانابوو، کە دەستی کرد بە

Institut kurde de paris

جێبەجێ کردنی ، هەرچی فەرەنسییەک هەبوو ، دڵیان لێی شێوا
قینیشیان لێ هەڵگرت !.. ئەندامەکانی دەستەی «هێلۆلۆت»
فەرمانڕەواییەکەیان لەگەڵ خونکاردا بەش کردبوو.
خانەدانەکە وە [illegible] کانیش ، بەجۆرێکی وەها جوولانەوە
هەروەک لەژێر دەستی خونکاردا نەبن وابوو !.. فەرمانداره
کانی ناوچەکانیش وەک خونکارێک فەرمانیان دەدا و کار و
باریان هەڵدەسووڕاند !.. کاروبارەکانی دەرەوەش
خرابوونە پشتگوێوە، بە تەمای کەڵک و چاکەی خۆیشیان دەخرانە
پێش کەڵک و چاکەی گشتییەوە !..
لەبەر ئەوە ، یەکەم فەرمانی «ئەنتیلیۆ» ئەوە بوو، کە دەستی
دایە نەهێشتنی دەسەڵاتی «هێلۆلۆت»ەکان . جەنگاوەری
بەرپاکرد بەرامبەریان لە زۆرێک شاری یەکگرتوو بوو ، فرێبە
سەرئاسیوە نەبوو !.. هەرچی یەکو ئێلکاری پێشوو
بوو ، «هەنری چوارەم» ، لەلایەک نیاز و جیابازی لێ
بەجێشیوو ، کە بەهۆی ئەوەوە لە شکردو گەلە کشتی
شەڕکردنی خۆیان هەبووە ، بەخۆبوون (هۆی بوون) لەهی فەرمانڕەوای
فەرەنسە . هەروەها دوو شاری سەختەڵانی
دابووی کە ناویان «لاڕۆشێل» و «مانتۆبان» بوو.
ئەو هێلۆلۆتانەش ، فەرمانڕەواییەکیان لە ناو فەرمان

ڕەوالیەی فەرەنسەدا دامەزراند بوو. پەیمانی سەربەخۆشیان
گرێ دەدا لەگەڵ فەرمان ڕەوایی یە پرۆتستانتی یەکان دا.
لەبەر ئەوە «ڕیشێلیۆ» جەنگی هەڵگیرساند بە ئیمپەریان،
هەر خۆیشی وەک سەرکردەیەکی گشتی، بووبە سەرەکی
ئەو هێزەی کە حەوالەی شاری «لاڕۆشێل»ی لێ گرتن..
هەر حەوالەی شارەکە، باش قایم کرا بوون. سەخت بوون بۆگرتن.
کەشتی یەکانی ئینگلیزیش دەیانتوانی لە ناو دەریاوە یارمەتی یان
بۆ بنێرن. لەبەر ئەوە لەشکر [ڕیشێلیۆی کاردینال]،
فەرمانی دا بەندێک لە ناو دەریادا دروست بکەن، کە درێژایی
دوانزە کیلۆمەترە بێ، تا بتوانێ بەربەستی ئەو یارمەتی یانە بکات کە
لە [ئینگلیتەرە]وە بۆ شارەکە دەنێریان. ئەم کارە گەورەیە هەشت
مانگی هەشتی خایاند!.. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، شارەکە
هەر خۆی گرت، خۆی نەدا بە دەستەوە. سەرکردەکەی شاری
«لاڕۆشێل» پێش خۆی وا نیشاند کە لە «ڕیشێلیۆ» کەمتر
نیە. هێگۆنۆتەکان، لە ژێر سەرکردەیی ئەودا ساڵێکی تەواو
بەرگری لەشکری کاردینال و لەشکری پێشی یان گرت!..
بەڵام برسێتی یەکە، بێ چارە بەهێز بوو، گرێ کردن و ناچاری
کردن سەریان دا بنەوێنن. کاتێ کە خونکار و سەرۆکی
کاربەدەستەکانی چوونە ناو شارەکەوە، شەقامەکانیان

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
(١٤)
مسموح

وا چاوی کەوت کە پڕبوون لە لاشەی ئەوانەی لە بەرسام مردبوون !..
لەو پانزە هەزار کەسەی کە لە سەر شاری « لاڕۆشێل » یان
دەکردەوە ، تەنیا شەست و چوار کەسی فەرەنسی و ، ئەوەند
کەسی ئینگلیز مابوونەوە !..

## هێلۆنۆتەکان دەبەخشێ و ماڵی خانەدانەکانیش [redacted] پێی !

بەم ڕەنگە « ڕیشێلیۆ » دەسەڵاتی هێلۆنۆتەکانی لەناو برد .
لەگەڵ ئەمەیشدا وای بە باش زانی کە لەگەڵ دوژمنە شکاوەکانی خۆیدا
پیاوانە بجوولێتەوە . لەبەر ئەوە فەرمانێکی بەخشینی گشتی ی
دەرکرد .. بەڵام بەخشینێک بوو کە لە لایەن خونکارێکی دلنەرمەوە
بڕیار درابوو ، بۆ ئیرادەستێکی سەرلێشێوی نەک بۆ دوژمنێک !.
بەخشینێک وا نیی بوو کە هێلۆنۆتەکانی لە ئازووبانی دوورخستەوە
وکردنی بە ئیرادەستێکی ئاسایی وەک هەموو پیاوەکان .
« ڕیشێلیۆ » لە ئەنجامە بە دەر چاوپۆشی ی لەگەڵدا نواندن ،
سەربەستی ی باوەڕکردن و خواپەرستی ی پێ بەخشین ! بەم
ڕەنگە کاردینال لە دوژمنەکانی خۆی دڵنیا بوو !..
ئەوەندە هەیە ، « ڕیشێلیۆ » لە بەشی دووەمی ژیانەوەیە
کەدا کەمتر سەرکەوت . کە دەستی کرد بە گرتنی چوونی ئەو

institutkurde de paris

مديرية الاعلام
مديرية الرقابة
مسموح

سەربەخۆیی یەی لە [redacted] گەورەکانی خانەدانە خاوەن زەوی یە
کان خۆیان پێوە دەنواند ، شۆڕشی سەردارە خاوەن زەوی یە
کان و گەلەکۆمەڵێکانیان دەستیان لێکردە ئەنگوتاندوە ،
تا ماشێ ڕیانیان لێ تێک دا !..
نێرکەی هەموو دەمەی ئەم گەلەکۆمەڵی یانەشی ، کەس نەبوو
برای خونکار نەبێ ، کە ناوی « جاستون دورلیان » بوو.
ئەم پیاوە چەند ساڵێکی دوور و درێژ مایەوە ، هەر خۆی خاوەن
کە لە پووری تەختی شاهی بوو. دایکی خونکاریش لە پشت
شانەدەوە بوو ، یارمەتی دەدا . تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵێکانیشدا
بەشی دەبوو ، لەگەڵ ئەواندا ڕێکەوتی بوو ، وە [redacted]ەکان دادەنا !.
« دە پاشیلیق » نەیویست لەم ڕووەوە دڵنەرمی پیشان بدات.
زۆری پێ نەچوو هەردوو برا زۆلەکەی خونکاری گرت کە ناویان
« فاندۆم » بوو. هەروەها ئەو « کوتشالیە » یە لەشی
بەکوشتن دا ، کە لە ساڵی ١٦٢٦ دا گەلەکۆمەکێی لێ کرد.
خانەدان و سەرکردە پایەبڵندەکان ، زیندانیان [redacted] بوو.
چونکە ئەوانە وایان دەزانی ، پارێزراون و هیچ کەسێک ناتوانێ
دەستیان بۆ درێژ بکات !.. ئەو پەڕەی « دلوک مونموڕنسی »
سەرداری « لانگدوک » یشی خستە بەردەم دادگا [redacted] تا
چەندە چوونی لەگەڵدا بکات ، ئەو خانەدان و سەردارانە زۆری

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

زارەترەک بوون!.. ئەم پیاوە حەزی لێ بوو بوو ئاژاوە بنێتەوە
لەبەر دڵی «جاستون دوڕلیان» کە لەژێرەوە سوێندی خواردبوو لە
گەڵ ئیسپانیادا. پاش ئەوە، لەناو شەڕێکیشدا کە لە ناوچەی
«کاستلناداری»دا کردی، توانی «جاستون» خۆشی بکات بە
دیل!.. هەر ئەوەندە چەند مانگێکی پێچوو، فەرەنسە هەموی
لەو ڕێیەوە، چونکە «دیو لیک مۆنمۆرنسی» لە لایەن دادگاوە
بڕیاری کوشتنی درا. ئەم پیاوە یەکەم «بارۆن»ی خاکی فەرەنسە
بوو. بێجگە لەوە مێردی کچی مامی خوێنڕێژیش بوو. پاش ئەوە،
لە شاری «تولوز»دا، بڕیاری کوشتنەکەی جێبەجێ کرا!..
جا ئەم کردەوەیە، بوو بە هۆی ئەوەی کە «ڕیشلیو» تا
چەند ساڵێک بە ئاسودەیی بەوە پاڵی لێ بداتەوە!..

## ٢ بەناپاکی و دووڕووانی بەرەو پاشتەوە!

بەڵام هەروەک ناوبانگی دەرکردبوو بە کاردینالی سوور،
یا خود کاردینالی خوێنڕێژ، ڕیشلیو، لە ساڵی ١٦٤٢دا
ئاژاوە نانەوەیەکی ترێشی بۆ دەرکەوت!.. فەرەنسە
لەو ڕۆژەدا، لە شەڕدا بوو لەگەڵ ئیسپانیادا. لەشکری
فەرەنسە چوار لای شارێکی ئیسپانیای گرتبوو، پێیان دەگوت
«باربینیان». لە کاتی ئەو تەنگانەیەدا، «سانکمار»

ناوێک کە لە پیاوە نزیکە خۆشەویستەکان بوو لەلای خونکار ،
«دلوسی سیانزەهەم» ، پەیمانامەیەکی نهێنی مۆر کرد بوو ،
لەگەڵ ئیسپانیادا . مەبەس لەو پەیمانامەیە ئەوە بوو بوو ، کە
فەرمان ڕەوایی «ڕیشیلیۆ» سەرەوژێر بکات !.. بەڵام ڕیشیلیۆ
لەوانە نەبوو هیچی لێ بشاردرێتەوە . زۆری پێ نەچوو پەیمانامەکە
کەوتە دەستی [redacted][1]ەکانی لەوەدا هونەریان نواند .
لەبەرە بەریانێکی سامناکدا ، «سانکمار» و یەکێک
لە هاوڕێکانی لە شاری (لیۆن) دا بە کوشتن دران ..
خونکار بۆ مردنی هاوڕێ کۆنی خۆی دەستی کرد بە گریان .
باوکی «سانکمار» ، ئەویش کە یەکێک بوو لە هاوڕێکانی
ڕیشیلیۆ ، خۆی ، دەستی کرد بە گریان !.. بەڵام دڵی کاردینالی
خوێن ڕێژ نەرم نەبوو !.. چونکە لە دڵی خۆیدا بڕیاری وادابوو
کە بەزەیی بە هیچ ناپاکێ و زۆردارێکدا نەیەتەوە !..
جا بە هۆی پۆلیسی ئەم دەستوورەوە ، «ڕیشیلیۆ»
زۆر کەسی لە خانەدانە گەورەکان لەناوبرد !.. یەک بە
یەک کەلاتە خاوەن زەوییەکانی ڕووخاند . تەنیا ئەو
کەلاتانە هێشتەوە کە کەوتبوونە سەر سنوور . هەروا
ما ، بەرەنگاریی خانەدانەکانی کرد . هیچ لێبووردنی
نەدا . هیچ بەزەیی پیایاندا نەهاتەوە . تەنانەت

---

(١) : رازە [redacted] دزە = (جاسوس) .

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة (١٦)
مديرية الرقابة
مسموح

کە دەمی سەردەمی [~~...~~] هات، لە فەرەنسەدا، خونکار خۆی نەبێ هیچ گەورە بەگێکی تێدا نەما بووەوە!! ~~خونکارێکی نەبێ~~!..

## لە چەند ڕۆژێکدا ئەڵمانیایەکی گەورە پێکەوە دەنێ!

لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم کاردینالە سوورەم، هەر خەریکی زۆرانبازی ناوخاکی فەرەنسە بوو، بەڵام ئاگای لە تەنگ و چەڵەمەیەک هەبوو کە «نەمسە» هەرگیز ئەوەی لە بیر دەچووەوە کە هێزی وەسەر لاتی «نەمسە» لە جێی خۆی دا بوەستێ. بە درێژیی فەرمانداریەکەی خۆی، بە شێوەیەکی ڕاست و ڕاستەوخۆ بووبێ، یان بە شێوەیەکی لابەلادا، هەر خەریکی شەڕ و شۆڕەکەی سی ساڵە بوو، کە هەر لە ساڵی (١٦١٨) ەوە تا ساڵی (١٦٤٨) نەکوژایەوە. ئەم شەڕە پەرەی سەند، تا یەک لە دوای یەک هەموو فەرمانڕەواییە گەورەکانی ئەوروپای گرتەوە!..

سەردەم پرۆتستانتییەکانی ئەڵمانیا لە بەر چەند هۆیەکی ئاینی و سەربەخۆیی خۆیان شەڕیان دەکرد. کەچی «نەمسە» هەر لە بەر ئەوە کەوتبووە جەنگەوە کە «ئەڵمانیا» بخاتە سەر خاکەکانی خۆی!. جا لە ساڵەکانی سەرەتایی شەڕەکەدا، «ڕیشلیۆ» تێکۆشا، دڵی خونکارەکانی [دانیمارک] و

وزارة الاعلام
(١٧)
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

[ سوید ] لەشی لەت بۆخۆی .. لەوکە ئیشتن بەدەم هەر بەسەر ،
ڕێگای زۆرێک کاری و پەیوەندیی فەرمانڕەوایانی بەکار
هێنا .. بەڵام تا حوکمداری [ سوید ] مرد هەر فەرەنسەی
لەو شەڕە پاراست ، کە لەو کاتەدا لە شەڕی [ لۆرێن ] دا سەر
کەوتبوو ، لە ساڵی ١٦٤٥ دا ..
ئینجا لەو ساڵەدا « ڕیشلیۆ » بە هەلی زانی بچێتە جەنگەوە ،
چوە جەنگەوە !.. بەڵام لە سەرەتادا ، شەڕەکە دەست
کەوتنی بۆ ئەوسیتانە بوو !.. چونکە زۆری لێ نەچوو ئیسپانیە
کان ئەوەندە نزیک بوونەوە چەند کیلۆمەترێ پەکیان [illegible]
شاری [ پاریس ] !.. ئینجا لەو کاتەدا ، کاردینال ،
دەمارێکی [illegible] : لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا
لەشکرێکی گەورەی پێکەوەنا و لەگەڵ ئیسپانیەکاندا بێتی لە شکۆ
کەوتن . زۆری لێ نەچوو ، لە زۆری شەڕێک چوو .
لەشکری بەڵام [illegible] شکا و [illegible] دووە !..
سەرداری « فیمار » ی ئەڵمانی کە سوێندخواری بوو لەگەڵ ڕیشلیۆدا
ڕاست بووەوە هەڵکوتایە سەر خاکی « ئەلزاس » ، گرتی ؛
هەروەها ئیتالیایی یەکانیش لە چەند شەڕێکدا بەسەر
نەمسایی یەکاندا سەرکەوتن .. هەرچی فەرەنسیش بوو ،
دوو پارچە خاکی گەورەی دەست کەوت !..

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

که «دیرتشیلیڤ» مرد، هێشتا شەڕ نەکوژا بووەوە.. بەڵام
لە کاتی مردن دا دڵی پڕ لە ئارام بوو.. چونکە دڵنیا بوو لە سەرکەوتن.

## خونکار خۆشی نەویست.. گەچی لە سەری
## ڕۆکردەوە!

بەڵام، لە پشت پەردەی مێژووەوە، بە درێژایی ئەو هەژدە ساڵەی
که «دیرتشیلیو» لە سەرەک کاربەدەستی دا مایەوە، چیرۆکێکی
تر ڕووی دەدا.. ئەویش چیرۆکی بوو لە مەرگە ساتی دوو پیاوی نەخۆش
و دەردەدار: خونکارێك و سەرەک کاربەدەستەکانی.. چونکە
«لویسی سیانزەهەم» و «دیرتشیلیڤ»، هەردوکیان لە ڕوولاواز
بوون، نەخۆشییان زوو، زوو، تووشیان دەبوو. بێجگە لەوە زۆرتایەی
خۆشەویستییش لە ناوەندیاندا، هەرگیز پەیدا نەبوو!.. لەگەڵ ئەوەی
ئەو دەمە دوور و درێژە، هەر پێکەوە مانەوە، شان بە شانی یەکتر
دەجەنگان بەرامبەری دوژمن: چ لە ناو فەرەنسەدا، چ لە دەرەوەی
فەرەنسەدا!.. تۆبڵێی سوێندخواری یەکیان لەگەڵ یەکتردا،
هەر بۆ ئەمە بوو بێ که هێزو دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن، یاخود بۆ
ئەمە بوو بێ که هەر بە کەڵکی فەرەنسە بێن؟!..
کەس ناتوانێ لەم ڕووەوە بڕیارێکی تەواو بدات!
گەلێك جاری وا ڕووی دەدا، «دیرتشیلیو» ڕوو بە ڕووی

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

سەرگەردانی دەستەوە ... جارێکیان (( لویس )) ، لەساڵی ١٦٤٠دا
نەخۆش کەوت .. نەخۆشییەکەی ئەوەندە بەکارەگەر بوو ، وتگوت هاتیتا
بمرێ ، ها تاوێکی تر ..!.. دوای دەنگ وا بڵاو بووەوە کە
لەگیانەڵادایە !.. (( رێشیلیۆ )) یش خۆی ئامادە کرد بوو بۆ
دەرباز بوون . هەربەناو زەویی کۆشکەکەی خۆیدا ئەم سەرو
ئەوسەری دەکرد و دەهات و دەچوو . چاوەڕوانی مردنی خونکاری
دەکرد . هەر کە مرد ، دەست بەجێ ، خۆی دەرباز بکات لەفەرەنسە !.
بەڵێ بەوە بڕیدبوو کەلە ناوەڵێ خۆی و خاوەن کەلە پووری شاەکلاو
دا ، (( چاستون )) ، دوژمنایەتییەکی وا هەیە ، کە تۆڵەی خۆی بە
تەواوەتی لێ دەکاتەوە !..
هەر لەو ساڵەدا ، (( رێشیلیۆ )) تووشی تەنگ وچەڵەمەیەکی
تر هات !.. بەڵام مێژوو ئەو تەنگ و چەڵەمەیەی بە بەزم
سات دانا !.. چونکە (( ماری دی میدیتشی )) ی شاژن و
(( ئانی نەمسایی )) ی ژنی کوڕەکەی ، پێکەوتن و سوێندیان
خوارد بۆ یەکتری کە یەک بن . هەردووکیشیان پێکەوە داوای
لابردنی (( رێشیلیۆ )) یان کرد لە خونکار . بەڵام خونکار
لێی گوتن ئارام بگرن تا شەڕی فەرەنسە و ئیسپانیا
دەبڕێتەوە . ئینجا کە دەنگی بەجانامەی (( ڕێلشیبۆرگ ))
بڵاو بووەوە و کەوتە بەر گوێیان ، (( ماری )) دەستی

وزارة الاعلام
(٢٠٦)
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

کردەوە بە زۆرە ملێ کردن لە خونکاری کوڕی ، کە بەڵێنەکەی
خۆی بەجێ بهێنێ !.. خونکاریش چووە گژ دایکی ، لە دەستە
ژوورە تایبەتییەکەی خۆی دا ، کە لەناو کۆشکی « لوکسمبۆرگ » دا
بوو.. بەڵام زۆری پێ نەچوو ، « ڕیشیلیۆ » ، لەناکاو ، بێ
ئەمری ڕێ پێ دانێ ، لە دەرگایەکی لاوە هاتە ناو ژووری
شاژنەوە !.. شاژن لەم زۆر سەری سوڕما !..
شڵەژا و واقی وڕما !.. کاتێ کە هاتەوە هۆش خۆی ، لەو
بێ پەروایییەی کاردینالە ، لەبەردەم خونکار خۆی دا دەی
کرد بە جنێودانی !..
« ڕیشیلیۆ » پێش کە چووە دەرەوە ، هەستی بەخۆی کرد ، کە ئاوە
هەموو شتێکی لەدەست چووە !.. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە خونکاری
دی ، لەبەردەم دایکیدا نەرم بوو بوو . « ماتانۆک »ی هەرە دۆستی
دایکی کردبوو بە سەرکردەی سوپای فەرەنسا لە ئیتالیادا !..
هەردوو ژنە شاکە « ماری » و « ئان » لە کۆشکی
« لوڤر »دا مانەوە و دانیشتن ، پیرۆزبایی یان لێ کرا !..
دەستیان کرد بە پیاو ناردن بۆ پایتەختەکانی ئەورووپا
تا دەنگی سەرئەنگرێ بوونی کاربەدەستی گەورە بڵاو بکەنەوە !.
بەڵام زۆری پێ نەچوو ، خونکار لە کۆشکی « ڤەرسای » دا
چاوی کەوت بە دوو کەس لە دۆستەکانی « ڕیشیلیۆ »

گوێی لێ دەگرتن . لەکاتێکدا کە کۆشکی «لوڤر» پڕ بوو بوو لە ترێقە
هەوڕ و پێ کەنین بەهۆی سەرسەنگری بوونی «ڕیشێلیۆ»وە .
پیاوێکی کە پشتەوەی لێ گوێ بوون خونکار ناردی بە شوێن
«ڕیشێلیۆ»دا و پێشوازی کرد و بڕیاریشی داوە تا دەستی
لەسەری کابنەوە و بەرەنگاری دوژمنەکانی بکات !..
هەر ئەوەندە بەسەریان ڕۆژی دوایی هات ، دوژمنەکانی «ڕیشێلیۆ»
یان خرابوونە بەندیخانەوە یان لە فەرەنسا دەرکرابوون . ئەمجارەیشیان هەردوو
شاژن کە وتنە وەحشەت و لەرز لە دەستی کاردینالی خوێنڕێژ ،
هەڵاتن ... ترسیان دەکرد .

## لە دوژمنەکانی فەرمانڕەوایی بەولاوە
## دوژمنی تری نەبوو!

وزارة الإعلام
مديرية الإعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

«ڕیشێلیۆ» ئیتر هەموو دەمێکی خۆی بە هەڵسووڕاندنی کاروباری
فەرمانڕەوایییەوە تەرخان کرد . کە دەستی لێ پەرژا ، خەریکی
نووسینی شیعر و نووسراو دانان دەبوو . توانی ئەوە بخاتە
مێشکی هەموانەوە کە هەروەک لە شەڕ هەڵگیرساندن دا شارەزایە ،
لە نووسین بەکارهێنانیشدا شارەزایە . بێجگە لەوە
«ڕیشێلیۆ» بە ڕۆژنامەنووسی سەرکردە دادەنرێ .

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة



چونکە ڕۆژنامەی « گازێت » ، کە یەکەم ڕۆژنامەی هەفتەیی بوو لە فەرەنسەدا ، لە « ڕیشیلیۆ » لە نووسینەکانیدا بەشدار بوو..

جیاوازیی دیرەوانەکانیشی دەکرد. بەتایبەتی « کورنی » کە چیرۆکی لاساییکردنەوەی دانا. [illegible] [ ئەکادیمی ] ی فەرەنسیشی ئەو دایمەزراند !..

لە مانگی پانزەهەمی ساڵی ١٦٤٢ دا ، لەش لەڕوو لاوازەکەی ڕیشیلیۆ تێک چوو. کەوی ئەوەیشی ئەوە بوو کە لە ژیانی خۆی دا سەرەوتی [illegible] . هەر هیچ کاروباری گەورە و سامان و گرنگ بۆ جانەم کاروبارانە کاریان کردە لەشی و ، تووشی کرد و نەخۆشی هات. دوای کەوتنە سەرجێگەوە ، بە لەم لەو کاتەدا کە مەزنێک بوو بەمری ، دڵی ئاسوودە بوو. چونکە نامەکەی ژیانی خۆی کە یانە بوو بەجێی خۆی. هەروەها ئەو جێ پەوی پەیشی کە دایینابوو بۆخۆی ، لەکاتی سەرەک کاربەدەستیی دا ، کە جێ بەجێی بکات ، هەمووی جێ بەجێ کردبوو. دەسەڵاتی هەڵەوتەکانی لەناودانە هێشتبوو. دەستی شاژنی بەستبووەوە و نەی دەهێشت لە سنووری خۆی تێپەڕ بکات و دەستبخاتە کاروباری فەرمان ڕەوایی یەوە !.. دەسەڵاتی خانەدانەکانیشی لەناو بردبوو لەووتی « نەمسە » لەشی شکاند بوو. لە ئینگلتەرەشی لەناو خۆی فەرمان ڕەواییەکانی ئەوروپادا [illegible] [illegible] ..جا لەبیناو بەجێ هێنانی ئەم هەموو کارەبارە

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

گرنگانەدا ، هەردەبوو تووشی پیشم وقیی ئەمو لەوبێ .. یاخود
تووشی پیشم وقیی خۆی بێ لەم دولەوە .. بەلام هەرگیز مادەی نەیدەدا
بەخۆی ، کە ئارەزووی دڵی و هەست و ناسەکانی ، کاری لێ
بکەن و لە ڕێگای ئامانجەکانی خۆی لای بدەن !.. «ڕیشیلیۆ» ،
لە ڕاستیدا ، پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو بوو ، ڕێگای بە هەستە و
ناسەری خۆی نەدەدا سواری بن .. هەروەک لێ هەست و ناسە
بووبێ ، خۆی واپیشان دەدا ..

خۆیشی هەرچەندە لە پیاوانی ئایین بوو ، بەلام هەرگیز ڕێی
بە کڵێساکان نەدەدا ، دەست بخەنە کاروباری جیهانی [illegible] ، وڵا
کاروباری فەرمانڕەوایی یەوە ..

لەو کاتەدا کە گیانی دەدا ، لێیان پرسی : ئاخۆ بۆ دوژمنەکانی
خۆی دەپاڕێتەوە لە خوا ، کە لێیان خۆش بێ ؟!..
ئەویش لەو کاتە تەنگ و چەڵەمەیەدا ، ئەوی لەبیر نەچووبووەوە
کە بڵێ : « دوژمنەکانم ؟!.. من کەس دوژمنم نیە ئەوانە
نەبن کە دوژمنی فەرمانڕەوایین !» .

لە ٣/١٢/١٦٤٢ دا بۆ دوا جار ، خونکار سەری
لە «ڕیشیلیۆ» دا .. کاردینالیش ، هەتا لە هۆشی خۆی
نەچووبوو ، ئەوەی لەبیر نەچووەوە کە بۆ خونکاری دەربڕێت ،
کە لە هەموو ژیانی خۆیدا فەرمانپەرست بووە . بە خونکاری گوت :

وزارة الإعلام
مديرية الإعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

«گەورەم .. کاربەدەستێکی ئاوام پێ هێناوە بەکارو فرمانی
کاربەدەستییەوە، ئۆتۆمۆبێلەکەی بەکۆڵکی ئێوە بێت .. من مازاران
دەپاڵێنم !..» .. کاتێ کە «لویس» بەجێی هێشت، هەردوو
چاوی پڕ بوبون لە فرمێسک .. خونکار دەیزانی کاردینال چی
بۆ کردووە. کە ئاشنا و کاتەی کە لە سەرەمەرگدا بوو هەر دڵسۆزی
خۆی بۆ ئەو دڵ بۆ فرمانڕەوایی فەرەنسە دەنواند !..
کەچی هیچ کامێکیان حەزی لەوی تر نەدەکرد، لە هاوڕێکەی
خۆشی دڵنیا نەبوو !..

## ئامۆژگاری کاردینال

ئائێستا هەر لە ژیانی «کاردینال خۆی پێش» دەڕوین.
بەلام لەمەودواش ئامۆژگارییەکانی بخوێنینەوە، کە
هەتا ماوەیەکی دوور و درێژیش فرمانڕەوایی فەرەنسە
لە کۆڕی کاروباری ژنگ کاری دا هەر لەسەر ئەو ئامۆژ
گارییانە دەڕۆیشت. جا هەر ئەو ئامۆژگارییانە لەش بوو
لە کارتێکرا، ... توانی پاشۆکی گەورەی فەرەنسە
دوا بخرێن !.. ئەم ئامۆژگارییانە، لە بنچینەدا، بەرەو
ڕووی خونکار [ لویسی سیانزەهەم ] گوتراون :-

institut kurde de paris

وزارة الإعلام
مديرية الإعلام العامة
مديرية الرقابة

## «ئاوایی نیشانەیە بۆ دەسەڵاتداری!

لەو کاتەدا کە خاوەن شکۆتان منتان کرد بە سەرەک کاربەدەستی
خۆتان و کاروباری گشتیتان دایە دەستم هەوڵیان لە سوورێنم
لە ژیانی دا، دەستەی «هەڵوێست» هاوبەشی خاوەن
شکۆکانتان بوون لە فەرمان داریدا. خانەدانە گەورەکانیشی
لە شێوەیەکی فاڵدا خولاندەوە، وەک کەس بەگەورە نەزانن
لە خۆیان وابوو. بەڕێوەکانی ناوچەکانیش، وەک
بەڕێوەکی دەسەڵاتی بەرەڵڵا، کاروباری گشتیان هەڵ
دەسووڕاند. هیچ کەسێکیش هیچ پایەکیان لە خۆیان
بە گەورەتر نەدەزانی. جا هەموو کەسێک وای لێ هاتبوو، هەر
ئەوەندە ئازا بوایە و لێبڕاوانە ڕەفتاری بکردایە، ئەوەندە
دەسەڵاتی دەست دەکەوت و کاری پێ هەڵدەسووڕا!..
جا لەبەر ئەوە هەر کەسێ زۆرتر خۆی بنواندایە، زۆرتریشی خۆی
هەڵبکێشایە، لەلای ئێمەوە بە ئازاتر و هوشیارتر دەژمێردرا.
زۆر جاریش وا دەرکەوت، کە ئەو کەسانە زۆرتر
بەخت یار دەبوو لەگەڵیان دا!..
لە دەرەوە، ئێمەیان بە دۆستایەتی فەرەنسەوە کرد.
لە ناوەوەشی دا، کە ئێمە وەک چاکەی تایبەتی دەخرایە پێشی
کە ئێمە و چاکەی گشتییەوە!..»

مديرية الرقابة العامة

«تەختی شاهیش تا ئەندازەیەکی گەورە پایەی سەربەرزیی هاتبووە
خوارەوە، ئەویش بەهۆی هەڵەی ئەوکەسانەوە ڕووی دابوو،
کە لە پێشمندا کاروباریان هەڵسووڕاندبوو. تەنانەت وایشی
لێهاتبوو، بگرە هەر بە هیچیشیان دانەنا!.. ئەگەر جڵەوی
کاروباری فەرمان ڕەوایی هەر بەدەست ئەوانەوە بمایەوە،
بێگومان سەرگەردانییەکی گەورەی وا ڕووی دەدا، کە هیچ چارەسەری
وەی وزیانەکانی نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەرگوێ ڕان،
لابردنیش لە ئەندازە بەدەر، پەرەی پێ بدرایە، گورجتر بکرایە
لەوانە بوو کە تەنگ و چەڵەمە و ئاژاوەیەکی زۆری لێ پەیدابێ!..
پیاوە هەرە ژیرەکانیش لەو بیروباوەڕەدا بوون کە لە
توانادا نەبوو لە دەست ئەو تەنگانەیە ڕزگارمان بێ، لەبەر ئەوەی
گەشتی فەرمان ڕەوایی خۆی لە کەلەبەرێک بدات و بشکێ.
تەنانەت زۆر کەسی وایش هەبوون کە بە مێشکیاندا ڕایاندەبینیبوو
ئەم کاروبارانە هەڵسووڕێنم، یا نەتوانن هەروا بگاتە
سەر تەختی کاربەدەستی لە دەستیدا شکێت!..»

## پەیوەندیی ناوەند خونکار و داڵکی!

«لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەندەی من لە هێز و توانایی دەسەڵاتی خونکارەکان
تێگەیشتبم، کە دەتوانن چی بکەن، بە مەرجێ بە چاکی دەسەڵاتی»

خۆیان بخەنە گەڕ، هیوام وایە بە خوا، کە ئەو تێگەیشتووانە و کارگوزاری
خاوەن شکۆوەتان هەیە لێ، لە باریاندا هەبێ کە ئەم نیشتمانەمان
سەرلەنوێ زیندوو بکەنەوە و بیخەنەوە ژیانێکی پڕ خۆشی و کامەرانی یەوە
جا لەبەر ئەوە هەر لە ئێستاوە موژدەتان ئەدەمێ کە بەو ئاواتەتان
دەگەن !..

لەوەندەی ئێمە گەنج و بەهێزیش بە پەیوەندی بە منەوە هەیە،
من بەڵێنم داوە بە خوام: هەرچی بکەم لە دەستم بێت بیکەم و،
هەرچی هێز و دەسەڵاتێکیشم لێ بە خێری بەکاریان بهێنم بۆ
ئەمەی دەستەی «هێگۆتوت» لە ناو بەرم و، لە ڕووت
بەرزی ی خانەدانەکان بشکێنم و، هەموو ژێردەستەکانت
بخەمەوە سەر فەرمانی خۆیان کە لەم لەبەر لاوە لەوانەیە خۆیان
نەچنە دەرەوە. هەروەها ناوی کەوتووی خاوەن شکۆتان
بخەمەوە ئەو پایە بڵندییە کە هەڵدەگری بیبینێ لە ناو نەتەوەکانی
جیهاندا. جا بۆ ئەمەی ئەمانەم بۆ بچێتە سەر، داوام لە
خاوەن شکۆتان کرد کە باوەڕییەکی تەواوتانم پێ ببەخشن،
ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە ئەو ڕێگایەی من دەمەوێ بیگرم لە کۆڕی
زرنگ کاریدا، بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو ڕێگایانە دەبێ
کە سەرەک کاربەدەستەکانی پێشوو گرتوویانە، مەبەستم
ئەوەیە، کە من لە جیاتی ئەوەی شازنی دالیکیان لە «

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة (٢٨)
مديرية الرقابة
مسموح



کاروباری ئێوە دوورخەمەوە، وام بە باشتر زانی کە ناوەندی هەر
دوو وڵاتان چاک بکەمەوە. تا بە هۆی ئەوەوە خاکەکەمان کەڵکێکی
گەورە و سەربڵندییەکی تەواوی دەست بکەوێ. ئەو خەبەرە
باشترێش، کە خوا وای ئارەزوو فەرموو لە من بوەشێتەوە بۆ هەڵسوو
ڕاندنی کاروباری ئەم فەرمانڕەواییە، بە گوتنێکی وای
لێ پەیدا بوو، کە بۆ بەرەکانی پاش خۆمان، پاکانەی ئەوە
بکات کە تاچ ئەندازەیەک لەسەر ئەم ڕێڕەوییە ڕۆیشتووم و
لێم لا نەداوە. بەڵێ بێگومان لەم قسەیە ئەوەیە، کە ئەو
پەیوەندییەی لە ناوەندی خاوەن شکۆتان و دالگیتاندا هەیە، لە ڕووی
سروشتییەوە، بە هۆی ئەو کەوەڵییەیشەوە کە دەستتان
کەوتووە و خۆشیی لێ وەرگرن، تەواوتری لێ دێ. جائەگەر
لە پاش چەند ساڵێک، ئەم ئامانجە بێتە دی بیستوانی لەو تەڵەیی
دوژمنەکانتان بۆیان ناونەتەوە بسڕێتەوە، من دڵی
خۆم هەر بەو قسەیە دەدەمەوە، کە هەموو چاکێک خاوەن
شکۆتان تا نکرد، کە ئەوەندەی من ڕەنجم دا و لێ کۆشام
بۆ بڵندکردنەوەی پایەی شاژنی دالگیتان، ئەوەندەیش
ئەو گەلە کۆمەکەی لە من کرد بۆ ئەمەی سەرگوزەشتە لطاعی
»

# خوێندەواری دادەوەشێتەوە

خوێندەواری ، لە هەموو شتێک زۆرتر ، فەرمان ڕەوایان دەپارێزێتەوە . لەبەرئەوە پەرە پێدان و گەشە پێ کردنی بە چاپ پێویستە لەناو نەتەوەدا . بەڵام ئەوەش ئاشکرایە ، کە ناتوانی هەموو کەس وەک یەک فێری خوێندەواری بکرێ .. چونکە ئەوانەوەی لە خوێندەواری بەرەڵا ئەکات لۆ هەموو کەسێک لە ناو خۆی دا ، هەر لەو دێوە درێندەیە دەکات کە لە هەموو بەشێکی لەشی دا چاوی هەبێ !..

چونکە زۆری پێ ناچێ ، خوێندنەوە و خۆهەڵکێشان لە ناویا پەیدا ئەبێ و پەرە دەستێنێ ، سەرداندانەنیش بۆ ڕاستی و دوروستی و یاسا لەم دەبێتەوە و بەرەو نەمان دەچێ !..

بێجگە لەوە ، بڵاوکردنەوەی زانیاری لە سنوورێکی لۆ دانراوی ، دەبێتە هۆی نەمانی بازرگانی لە سەرچاوەی سامانی فەرمان ڕەوایەکان لە دوا هەڵدەقوڵێ . دەبێتە هۆی نەمانی لەشت و کاڵیش ، لە دایکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانە و لەلە لێشیانەوە پەروەردەیان دەکات و پێیان دەگەیێنێ .

هەروەها سەرمایەی سەربازی سوپاکەشیان لەناو دەبات ، چونکە ئەو سەرمایەیە ئەگەر ناشێتی و نەزانی و ساکاری لە ئارادا نەبێ ، نایەتە بەرهەم ، چونکە سەرباز لە چینی خوێندەواران و

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

»زانایانەوە پەیدا نابن، لە جێی نەخوێندەوارانەوە دێنە بەرهەم!..

بەرەڵا کردنی خوێندەواری لە ناو فرەوانەدا، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی شێوە خوێندەواران بە ناو نیشتمانەکەمان دا. واتا خاکەکەمان پڕ دەبێ لەو خاوەن هۆشانەی کە هەر بە تەنگ تووێکڵی ژیانەوەن، پڕ دەبێ لەو کەسانەی کە خەریکن تێک دەدەن، کە ئاسایشی گشتی لە ناو دەبەن، بەڵام هەرگیز چاکەیەکیان بۆ فەلەک ڕەوا لێ ناوەشێتەوە!..

لەمیشەوە ئەوە پەیدا دەبێ، کە ئەوەندەی مرۆڤی خاوەن گومان و دوودڵمان تیا پەیدا دەبێ، ئەوەندە کەسانمان تیا پەیدا نابێ کە لە توانایان دا هەبێ گومان لە دڵاندا نەهێڵن و دوودڵیشی یەکدڵ بکەنەوە!.. هەروەها ئەوەندەی زیرەکمان تیا هەڵدەکەوێ کە بتوانن بەربەرەکانی بکەن، ئەوەندە زیرەکمان تیا هەڵناکەوێ کە بتوانن کەسەی «ڕاستی» بکەنەوە!..

لە ڕاستی دا، من هەرچەند ئەم ژمارە گەورەیە دەبینم کە لێی خوێندنیان کردووە بە بەشە بۆخۆیان، هەرچەند ئەم کۆمەڵە گەورە گەورانەی منداڵانە دەبینم کە لەبەردەستی ئەوانەدا دەخوێنن، کۆمەڵێکی بە جگا گەورەم دێتە پێش چاو لە کزولاوازە نەخۆشەکان، کە لە ژمارە نایەن، ئەوانە«

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح



کە لە ڕاستیدا نەخۆشییەکەیان هیچی لێ ناوێ چارەی لێ بکرێ،
بە خوێندنەوەی هەندێ ئاوی پاک نەبێ، کەچی تیۆرییە
کەیان وا کاری لێ کردوون، هەر ئاوێکیان بدەنێ دەیخۆنەوە،
بەڵام زۆربەی ئاوەکەیش پاک نەبێ، بەڵام زۆر جاریش ژەهری
تێ کرابێ!.. کە دەیشی خۆنەوە، تایبەت تیوورتر دەبن،
نەخۆشییەکەشیان زۆرتر کاریان لێ دەکات!..
بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەوە کە لە خوێندنگاکانی دووهەمین دا
هەیە، لە هەموو ناوچەیەکی لە ناوچەکاندا، دوو دەردی
گەورە ڕووی داوە: یەکەمیان دەردی ئەوەیە کە ژمارەیەکی
تەواو لە مامۆستا شارەزا و بەکەڵکەکان دەست ناکەون بۆ
ئەو خوێندنگایانە..
دەردی دووەمیشیان: ئەوەیە کە زۆربەی منداڵانەی کە خوێندا
وای دوور وەستا نەکردوون کە بە کەڵکی خوێندن بێن، بە زۆری
فێران و کەس و کارەکانیان دەیخەنە بەر خوێندن. لە هەردوو
بارەکەشیدا ئەنجام بەوە دەگات، کە ئەو منداڵانە هەمویان
کاتێ لە خوێندن دەبنەوە و خوێندنگاکانیان بەجێ دەهێڵن،
هیچ فێر نابن لە زانستەکان، تەنیا تۆزێ تەقلەکانیان نەبێ!..
ئەوەیشی بارەت بەوەیە کە هەندێکیان فرایان لێ
خوێندراوە، هەندێکیشیان لەبەر نازیرکییانە،

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة

کە ناتوانن لە ئەندازەیەك زۆرتر فێربن .
ئەو چارەی کردنی کە دێت بە بیرمدا ئەوەیە : بام پۆلەکانی خوێندنگا
دووهەمینەکان ، لە هەموو ئەو شارانەدا کەم بکەینەوە لە
پایتەختی ناوچەکانیشن ، بیان کەین بە دوو یاخود سێ
ساڵی خوێندن . ئەوەندە خوێندنە بەسە بۆ ئەوەی کە
کوڕەکان لە ئەو خوێندەواری و ناشتێی سووك و ڕەوا
بازرگانی هات ، بەڕادەیەکی وا کە تەنانەت زیانیشی
لێ پەیدا نەبێ بۆ ئەوانەی کە بۆ سەربازی پەروانە دەکرێن ،
یان بۆ بازرگانی . چونکە دوو سێ ساڵ خوێندن لە خوێندنگای
دووهەمین دا بەسە بۆ ئەمەی ئامادە بوون و توانایی ئەو
منداڵانە دەربخەن ، کە بۆچ پیشەیەك بەکاردێن ، پێش
ئەمەی بڕیار لە سەر ئەوە بدەی کە بۆچ پیشەیەك
ئاراستە بکرێن لە ژیانیان دا . بەڵام ئەو منداڵانەی کە زۆرتر
لە هاوڕێکانیان زیرەکی و چالاکی پیشان دەدەن ، دەبێ
بنێردرێنە خوێندنگا دووهەمینەکانی ناو پایتەختی ناوچەکان ،
چونکە لەو شوێنانەدا باشتر پێدەگەن . چونکە لەم بارەدا ،
کە لەویان ئامادە دەبێ بۆ پەروەردەکردن ، چاکترین
مامۆستایانیش لێیان دەگەڕێن .

دوای من وای بە باش دەزانم کە هەموو خوێندنگا — (

institut kurde de paris

«دوو هەمینەکان و خوێندنگا هەرە بڵندەکان، لە ژێر چنگی
ئەواندا نەهێڵرێنەوە کە ئێستا دەستیان بەسەردا
گرتوون.. چونکە ئاخوندەکان لە لایەکەوە، «جزوێت»ە
کانیش لە لایەکی ترەوە، هەریەکەیان دەیەوێ «لێ خوێندن»
بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە. با مە بەرەڵایان بکەین، ئەو
دوو لایە، بەربەرەکانێی یەکتر بکەن. تا لە ئەنجامدا کەلک و
چاکە و کارگوزارییان گەشە بکەن و پەرە بسێنن. بەڵام
نابێ هیچ لایەکیان لە پێگەیاندنی منداڵان لێ بێبەش بهێڵینەوە
نابێ لایەنی هیچ لایەکیان بگرین تا «لێ خوێندن» هەر
بۆخۆی بمێنێتەوە!..

## چینی زەوی داران یەکێکە ی خاوەن
## سامانی هەوێشکێن!

چینی خانەدانەکان بە شادەماری نەتەوە دادەنرێن.
دووریش نیە کە ئەو چینە بەشداری بکات لە یەک بوون
وەدەستلاتداری نەتەوەکەی خۆیدا. بەڵام چارەنووسی
ئەو چینە لە دەمێکەوە گۆڕاوە و کەمی کردووە. ئەویش
بەهۆی چەند پیاوێکی فەرمان ڕەوایەوە ڕووی داوە، کە
لەبەر بەد بەختی خۆمان، لەم چەرخەدا کەوتوونەتە سەررو
«

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام
مديرية الاعلام العامة

«پارەی خانەدانی بەوەوە ، دڵیان پڕبوو لە شەرم و قین بەرامبەر
ئەندامانی ئەم چینە . کەواتە پێویستە لەسەرمان ، پارەتی
ئەم چینە بدەین و لە داوی ئەوەدا کەسانە بپارێزین ، کە
پارە و دەسەڵاتێکی وایان پەیدا کردووە ، لێیانەوە زاڵ
بوون بەسەر ئەو خانەدانانەدا ، کە هیچ سامانێکیان بۆ
نەماوەتەوە ئاڵایەتی پێ بکرایان ئەبێ !..
لەگەڵ ئەمەشدا کە پێویستی دەزانم ئەو خانەدانانە
بپارێزین لەوانەی کە زۆرداری یان لێ دەکەن ، هەروەها
ئەوەشی بە پێویست دەزانم کە ماوە بەوانیش نەدرێ ،
زۆرداری لە کەسانی لە خۆیان خوارتر بکەن . بە پێویستی
دەزانم کە دادپەروەری یەکی لێ ئالا بگیرێ ، لە ئەندازەی
پاساکانتان دا بخرێتە گەڕ ، تا ئێوە دەستی لاتریسی ژێر
دەستەکانتان لە ژیان و سەر و سامان و ماڵی خۆیان
دڵنیا بن کە پارێزراون و هیچیشیان بەسەر نایەت !..
بەڵام ئەو خانەدانانەی کە بە کاری فرمانڕەوایی
نایەن ، دەبێ باری بەسەرەوە !..
منیش لەوەدا پێکوردوو ناکەم ، کە بڵێم ئەو خانەدانانەی
کە دەستیان داوەتە بەدخوویی و لەسەر ڕێ و شوێنی چاکەکانی
باوک و باپیری خۆیان نارۆن ، ئەوانەی کە خۆیان لە »

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

یارمەتی دانی شاکەلاو، بە شێروبەگیان دەدەن لێشیانەوە
ئەوانە هەموویان وا هەڵدەگرن کە لە پایەی سەربەرزیی
خۆیان بپارێزن خوارەوە، ئەو ناز و چارەیش کە بۆیان
ماوەتەوە لە باوک و باپیرانیانەوە لێیان بستێنرێتەوە..
بێولایەتە ئەوانە و لە پارێزنە خوارەوە، کە هەروەک ئەوەوە
یان لێ بێت، لە پێناوی باری گشتیدا.

## چاڵ کردنەوە چاکترە لە ڕووخاندن و سەر لە نوێ دروست کردنەوە!!

«زانینی کەم و کووڕی لە کۆڕی ئادەمیزادا، سووکتر و
ئاسانترە لە دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئەو کەموکووڕییانە!..
ئەوەیش دەزانم و تووە، کە کەموکووڕییەکان ئەوەندە زۆربوون،
ئەوەندە تەشەنەیان کردووە و خراپ بوون، تا ئەوە لە ئەندازە
تێپەڕیون!.. لەگەڵ ئەوەیشدا دەزانم کە خاوەن شکۆتان
بەدڵ ئارەزوو دەکەن، دادگەری بچەسپێت ئەویش بە پاکی و
بێ خەتەی، بە ئەندازەیەکی وایش لێ کردەوە نەنگی و بەد
خووڵی... لە ووزەی دا نەمێنێ لەوە بەولاوە
بگرێت!.. چارەی هەرە باشیش بۆ ئەم بارە ئەوەیە،
کە هەروەک زووبەی کەسان دەڵێن، بەڕستیل»

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح



لەناودا هەڵگیرێ، هەروەها لە دەستووریش لادەبرێ لە
فەرمانەکانی دادگەری پێشاوێشت بمێنەوە بۆ نەوەکانی
دادگەرەکان. ئینجا ئەم پایەی فەرمانی دادگەری یانە، لێ ئەمەی
پێشکیان لێ بسێنرێ، ببەخشرێن بەو پیاوانەی لە دەروون
پاکی وکردەوە دوروستییان دەرکەوتووە بۆ هەموان، کە بەجۆرێکی
وەهاشن، هیچ شتێک کار لە دەروونیان ناکات لە ڕێگای
ڕاست لایان نادات. تەنانەت چاوچێ هەڵهێنان و
بەر بەرەکانێش ناتوانن سواری دەروونیان بن!..
ئەوەندە هەیە هێنانەدی ئەم خەوە لە توانادا نییە. کەواتە
پێویست بە پێشنیاز پێشان دان ناکات. چونکە بە فیرۆدا دەڕوات
بەڵام من دەمەوێ ئەوەندە بڵێم: هەتا باری گشتی وەک
ئێستا بمێنێتەوە، یاخود لە هەر بارێکی ترشدا بین کە
هەر لە ئێستادا دەتوانین بزانین چی دەبێ، ئەوەوە بە باشتر
دەزانم کە چاوەڵە [بەپێی خواردن] و [وەرگرتنی فەرمانی دادگەری
بە ناوی کەلەپوورەوە] بپۆشێن، ئەوەک یاسای داد
گەری لە فەرەنسەدا بە یەکجاری هەڵگیرێنەوە و سەرەو
ژێری بکەین..! ئەمە ڕاستە زیانەکانی ئەم بارەی ئێستا
پێداین بە جگا-گەورەن، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە
دامەزراندنی یاسایەکی وا کە دانانی پایەی دادگەری

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

بەدەست خۆنکارەوە بێت، زیانی خراپتری لێدەکەوێتەوە.
چونکە یاساکە کارێکی وەها دەکات کە دابەش کردنی ئەم پایەی داد
گەرییانە بەکامی دڵی پیاوەکانی خۆنکارەوە بەندبن،
کە ئەوانە هەرگیز لە تەڵەکەبازیی خۆیان ناکەون!..
ئەندازیارێکیش کە شارەزایی و هونەرمەندییەکەی لەو ئەندازەیەدا
بێ کە بتوانێ کەرتی دروستیی خانوویەکی کۆن چارەبکات و
چاکیان بکاتەوە، دەبێ باخانە شێوەیەکی پەسەند و ڕێکوپێکەوە،
لێ ئەمەری خانووەکە هەرووی برووخێنێ، لەوکە
زۆرتر هەڵئەگری چاکەکانی بخوێنێتەوە، کە دەمودەست
خانووەکە دەڕووخێنێ بۆ ئەمەی سەر لەنوێ خانوویەکی تازە
دروست بکاتەوە. جا هەروەک پێشانم دا: هەتا
ناو دڵی خاوەن یاساکان نەگۆڕێن هەتا گۆڕینی یاسایەکی
دامەزراو لە دەست نایەت، تەنانەت ئەگەر لە دەستیشی هات
بەکار نایەت!..

## فرمانبەری پارەکان چنگی بارگرانن!

ئەو پیاوانەی ئەرکی پارە کۆکردنەوەیان بۆ فەرمانڕەوایی،
چنگی بارگرانن بەسەر فەرمانڕەواییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا
لێ ئەوانە کاروباری فەرمانڕەوایی هەڵنا سووڕێ، پێم

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
شعبة الرقابة

هیچیان لەدەست نایەت ئەوەندە نەبێ لە چاوەڕوانی ئەوە بین و
هیوادار بین، کە دەسەڵاتی ئەو فەرمانبەرانە، تا ئەندازەیەکی پەسەند
کەم بکرێتەوە. بەرەڵڵایی ئەوانە و سەرکێشی یان لە وەزەدا
نەماون کە چاویان لێ بقوچێنین!.. چونکە تا ئەوانە حەزیان بە پەرە
پێدانی هێز و دەسەڵاتی خۆیان و سامانی تایبەتی خۆیان بێ،
فەرمان ڕەوایی بێبەرە و نابووتی دەچێت و دوایش لەناو دەچێت!
من ئامۆژگاری ئەوە ناکەم، تالان بکرێن و ئەوەی هەیانە
بدرێتە دەست گەنجینەی فەرمان ڕەوایی. لەگەڵ ئەوەشدا، بە
ئاسانی ئەوە دەردەخرێت کە ئەوانە هەر لەو ساکەوە کە چوونەتە
سەر فەرمانی فەرمان ڕەوایی، هەر حەزیان پارە کۆکردنەوە بوون
بۆ خۆیان. چونکە بەراورد کردنێکی سامانی پێشوویان و سامانی
ئێستاکەیان، ئەوە دەردەخات کە گەنجینەی زۆریان پێکەوە ناوە.
لۆیە کێشەکەم تالان کردنیان بە باش نازانم، چونکە ئەو زێڕانەی
بۆ خۆیان کۆ کردۆتەوە، ڕێگای لێکردوونەتەوە وەک لە
گەل خزانەدانەکاندا دۆستایەتی و سوێندخواری
دابمەزرێنن!.. جا لەبەر ئەوە هەر ئەوەندەم لە دەست دێ
کە ئامۆژگاری بکەم، تا ئەندازەیەکی گەورە لە ژمارەیان کەم
بکرێتەوە... ئەم ڕاست کردنەوەیەش، بە ئاسانی نایەتە دی.
بۆ لەمەودوایش نابێ کەس لەو فەرمانانەدا دابمەزرێ، تا

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

لە سایەتی وەرەووشت و جێگایەکی وای نەبێ کە لە توانایی دا هەبێ ئەو بارە گرانە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی !..

## ئەو کامەرانی یەی زۆر گەورەی پیشان دەدەن .. تووڵێی نەتەوە هەڵدەپەڵات !...

هەموو سا وە زۆربەی کارەکان لەو باوەڕەدان کە ئەگەر تاکەکانی نەتەوە، هەموویان بە خۆشی گوزەرانی یەکی تەواوەوە ژیان، هەرگیز ئەوە بۆ فەرمان ڕەوای نا چێتە سەر، کە وایان لێبکات لە ئەندازەی خۆیان دەرچن و ئێکەوانەی فەرمانی سەرپشانی خۆیان نەکەن .. ئەوەیشی سەبارەت بەوەیە کە بە خۆیەکی تێکڕایی، ئینانی و پێگەیشتووی ئەوانە کەمترە لەوکەسانەی کە لە چینەکانی تری فەرمان ڕەوای دان. جالە بەر ئەوە ئەوانە ئیسانی دوای ئەو دەستووانە ناکەون کە هۆش و بیما دایان هێناوون، مەگەر پێویستی یەکی زۆریان بۆ بێتە پێشەوە و ناچاریان بکات ئەو ملکەچی یە بنوێنن !..

هۆشیش ڕێی ئەوەمان نادات کە هەموو باجێکیان لەسەر لابەرین. لە ترسی ئەوەی، کە نیشانەی ژێردەستی و ملکەچی یان لەسەر لاچوو، وا تا کە لە هەموو باجێک ڕزگاریان بوو، وا بزانن کە ملکەچی شیان لەسەر لاچووە، خۆیان لە بیر بچێتەوە و ...

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

دەست بدەنە سەرکێشی!. ئەو ئیستوونی کە بە بارێ گرانەوە ڕاهاتوون، بەسەروەتی درێژە زۆرتر نەکەونە کارەوە لەوەی کە فەرمانیان لێ بکرێ!.. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لە سەرێکی ترەوە تەماشای ئەوە بکەین، کە کار و فەرمانەکانیان لە ئەندازەدا بن، هەم ناوەندی بن، کە بارەکانیشیان ڕێک بکەون لەگەڵ هێزی لەشیاندا. لەسەر و بەپێی باجسەندنیش لە نەتەوە، هەر بەم جۆرەیە. هۆکەیە و باجانەی کە خونکارەکان دەیانسەنن لە نەتەوەکانی خۆیان، جا بکری دەگەڕێنەوە بۆ نەتەوەکانی خۆیان. ئەمەیش بەوەدا دەردەکەوێ کە ...کانی نەتەوە دەکەونە ئاسایشەوە، دەکەونە ئاشتییەوە، گیان و سامانیشیان لە لایەن فەرمانڕەواییەوە دەپارێزرێ. گەلێک فەرمانداری و دەناسم کە تەخت و بەخت و ژێردەستەکانیان هەر لەبەر ئەوە لە دەست چووە، کە بەهۆی ترسی باجدانەوە، هێز و دەسەڵاتیان تەواوە بەسەر نەتەوەکانیاندا. هەروەها شارەزای گەلێک نەتەوەی وڵاتم، کە هەر لەبەر ئەوەی سەرئەنگرێ بوونە، کەوتوونەتە ژێردەستی دوژمنەکانیانەوە کە بە پەرۆشی ئەوەوە بوون، زۆرتر لە ئەندازەی خۆیان سەربەستییان دەست بکەوێ!..

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

# هۆش و فەرمان ڕەوایی!

وا دەبێ وەشێتەوە لە مرۆڤ، کە [illegible] ، بە سەرپەرشتیی هۆشەوە نەبێ ، لە ئەلیندا هەموو کردەوەکانی پێچەوانەی خواست و ئارەزووی سرووشت دەرەچێ، پێچەوانەی خواست و ئارەزووی خۆیشی دەرەچێ، کە دروست کاری سرووشتە!..

پیاویش تا گەورەتر بێ و پایەی بلندتر بێتەوە ، دەبێ زۆرتر هۆگری دەستوورەکانی هۆش بێت. ئەگەر پیاوێک بوو بە خونکار، پێویستە بڕیاردان بداتە دەست هۆش ، وا پێویستە لەسەری کە ئەوانەی لە ژێردەستیدان، وایان لێ بکات پێڕ لە هۆش بگرن و مل کەچیشی بۆ فەرمانی هۆش بنوێنن، بەڵام دەبێ ئەوەیش بە باوەڕیکەوە بکەن کە هۆش هەڵدەگرێ وای بۆ بکەن!..

خۆشەویستییش لە هەموو هۆیەک بە کارترە و بەکەڵکترە بۆ پێکهێنانی مل کەچی. هەرگیز ئەوەش ڕوونادات کە ژێردەستەکان، سەردار، یا خود سەرکردەی خۆیان خۆش نەوێ، ئەگەر بە تەواوەتی لەوە تێگەیشتن کە سەردارەکەیان لە هەموو کردەوە و کارێکیدا دوای هۆش دەکەوێ!.. جا کە پێویست بێ هۆش ببێتە ڕێ پیشاندەری فەرمان داران، هەروەها پێویستە کە ڕێ بە هەست و تاسە و ئارەزوو نەدرێ کە هیچ کارێک لە

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

کردەوەو کاری بکەن !.. چونکە هەست و ئاسەوارەزوو هیچیان لەدەست نایەت ئەوەندی کە ئەو فەرماندارانە کوێربکەن. والێشیان لێ بکەن کە سینەبەرە هەرتاو ئاوایین !..

.. لە راستی دا فەرمانداری سەردایکێ یەکێ کردەوە جوانی بێ دەوێ ، لەگەڵ کاربەدەستەوەیەکێ وادا کە بە هیچ شتێک هەڵنەوەشێتەوە. چونکە نەرم بوون ، خاوەنەکانی خۆی تووشی ئەوەندەکات کە دوژمنەکانیان بۆی لێ بکۆشن و رووبدات

[illegible] !..

## چاکەی گشتی لە پێش هەموو شتێکەوەیە !

پێویستە خونکار و کاربەدەستەکانی هەریەک ئامانجیان هەبێ ، کە ئەویش چاکەی گشتی بێ . یان هەرهیچ نەبێ چاکەی گشتی بخەنە پێش چاکەی خۆیانەوە . چونکە سەردار و کاربەدەستەکانی هەربەدڵ ئەمەیان کرد بە بیروەکێ بۆخۆیان و لەسەری ڕۆیشتن ئەو چاکانەی کە لە دەستیان دێ وەلێ یان دەوەشێتەوە بیان کەن ، هەرگیز لە ئەندازە نایەن .. هەروەها بەگران ئەو سەرگەردانی

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة



یانەیش دەترسێن کە تووشی فەرمانڕەوایی دێن ، بۆیە ئەگەر
چاکەکانی گشتی بخرێنە دەست هەوەس و ئارەزووی تایبەتییەوە!
بۆ سەردارەکان ئاسانە ، کە بڕیار بدەن لەسەر ئەو یاسا گشتییانەی
کە فەرمانڕەوایی دەریان دەکات . چونکە ئەم یاسایانە بە سەرپەرشتیی
هۆش و دادپەروەرییەوە نەبێ دانانرێن . . بەڵام کە کاتی ئەوە
هات ئەو یاسایانە بخرێنە کارەوە ، سەردارەکانمان وا نایەتە پێشی
چاو کە خەمی ئەوە بخۆن لە سنووری هۆش و دادپەروەری دەرنەچن ،
دەبینین کەڵک و چاکەی تیرە و کەمایەتییەکان تەنگ تاویان دەکەن
هەروەها خۆشەویستی و بەزەییدا هاتنەوە ، پشتگرتن و
زۆرە ملێ ، زۆری لێ ناچێ کاریان تێ دەکەن و لە ڕێگای
خۆیان لادەدەن . . نەخوازەلا کە ئەو فەرمانڕەوانەش بە خۆیانەوە
نابینن ، کە هەموودەم یارمەتییان بدات بە زاڵ بن بەسەر دەروونی
خۆیان دا و ، وا لە خۆڕاییتی و هەواپەرستییان بهێنن کە
نابێ بە هیچ کلۆجێک لە کاروبارەکانی فەرمانڕەواییدا هیچ
ڕەخنەیەکیان لێ بدرێ . جا لە کاتی ڕوودانی ئەم جۆرە بارانەدا
پێویستە لەسەر فەرماندارەکان هەرچی هێزیان هەیە بیدەن
بە خۆیان بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر کزیی دەروونی خۆیان دا .
هەروەها ئەبێ هەموودەمێکیش ئەوەیان لە یاد دابێ ، کە خوا
لۆیە کا ئەوانی حکومەتە ئەو یاسایانەی داناوە ، تا چاودێریی چاکەی
گشتی بکەن و بیپارێزن .

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
ممنوع

## گەنجینەی دڵ چاکترە لە گەنجینەی گیرفان..
## لەو زۆرتریش [redacted] هێشتووەوە..!؟

هێزیش لە هەموو پێویستییەک گرنگترە بۆ گەورەیی خوێندکاران و بۆ کامەرانی نەتەوەکانیان. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر هەموو کەسێک کە فێری بەسەربردنی کاری فەرمانڕەوایی بووە هەڵە یاخود گوناهی نەکات کە لە هێزودەسەڵاتی سەرۆکەکەی گەورەکەی خۆی کەم بکاتەوە، یان سەری پێ دابنەوێنێ لەبەرچاوی جیهان دا. جا هەروەک ئامانجی خۆشەویستی چاکە کردنە، هەروەها هێزیش دەبێتە هۆی مەترسی. ئەو ترسەیش کە لە هەڵسەنگاندنی کاروکردەوەوە پەیدابووبێ و، لە ڕێزگرتنەوە، وا لە هەموو کەسێک دەکات ئەوە بەچاک بزانێ بۆ خۆی، کە لە هەموو کردەوە و کارێکی خۆیدا، دڵسۆزی خۆی پیشان بدات بەرامبەر سەرۆکی فەرمانڕەوایی. هەروەها بێگانەکانیش چاوترسێن دەکات کە پەلاماریان نەکەونێ، ناوی سەردار بە خراپە بێنن، یاخود زیانێکی لێ بگەیێنن.. جا ئەگەر هێزودەسەڵاتی فەرمانداری لە هەڵسەنگاندنی کاروکردەوەکانیەوە و، لە ڕێزگرتنی کەسایەتی یەکەوە پەیدا نەبووبێ، مەترسی یەکی [redacted] گەورەی

Institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح

لێ پەیدەبێ .. چونکە فەرمانڕەواکان هەرگیز ئەوەندە ئاگاونە
مەترسییەوە ، وەک ئەوەی کە تووشی لێشاوێک وێنەگەلێکی
ژێردەستەکانیان بن . چونکە بۆئەوان ئەوە باشترە کەلە
ئەندازەیەکی بەرزدا لێیان بترسن !..
ئەو دەسەلاتەش کە فەرمانڕەوا دەستی دەکەوێ و ئەوەیشی
بۆ تێکدەهێنێ کە لەنەوە لە هەڵسەنگاندنی کاروبارییەوە و
لەخۆشی و بەتینییەوە کۆی لێ بکەنەوە و لێی بترسن ، چەند
هێز و زەبروزەنگێکی لێ کۆدەبێتەوە ، کەلەیەکتری جودی
جودێن . ئەو دەسەلاتە بریتییە لە درەخشینێک کە چەند
لقو پۆپێکی هەلێ و ، هەموویان لە پێناوێکی گشتییەوە خۆشیت
وەر بگرن . کەواتە پێویستە سەردار یاخود فەرمانڕەوا
هەموو دەمێک ناوبانگی بەباشی دەربکێت و ژمارەیەکی بە
ئەندازەیش سەربازی لەژێر دەستدا بێت لە ئامادەبن بۆ
جێبەجێکردنی فەرمانەکانی • هەروەها ئەوەندەش زیرەک لە
ناو گەنجینەکەی دابێ کە بەکەڵکی ئەوە بێت کاروباری لەناکاوی
پێ هەڵسووڕێنێت .. پاش ئەوە ، لەدوای ئەوانە هەموویشیان
تواناییدا ئەدەنەوە کەی خۆی لەبیش لەکات .. چاندگەر بێتو
لەسەر ئەو ڕێ و شوێنەی کە لەوە پێش داممانابوو ، سامانە
کانی فەرمانڕەوایی کۆبکرێتەوە ، ئەوە دەکەوێتە

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح



ئاسایشێکی تەواوەوە. ئەوسا کەیش سەردەتە لەسەر گەنجینەی
دڵ ڕاگرتنی ژێردەستەکانی خۆی، دەسەڵاتەکەی خۆی دادەمەزرێنێ،
چونکە ئەوانە کە تێگەیشتن سەردار چاودێرییان دەکات و
بەتەنگیانەوەیە و خزمەتی چاکەیان دەخوات، هەر لەبەر
کەڵک و چاکەی تایبەتی خۆیان خۆشیان دەوێ.
خونکارەکانی تریشەوە، ئەم گەنجینەیان بە شتێکی بێ بەها
گرنگ دادەنا بۆ هێزی دەسەڵات دامەزراندنی خۆیان.. بەڕەچاو
پێیشی یەوە دەنازێن. هەرچەندە گەنجینەی زلان، تەمیرو
بەشی ئەوەندە ناکات کە دەسەڵاتی خونکارەکان زۆرتر
لێ بکات، بەڵام ئەوەیش بەدەرەوە لێ ئاشکرا و دیارە
کە گەنجینەی زێڕ، بێ ئەو گەنجینەی زلانە، بێ نەزح دەمێنێتەوە.
واتا، ئەگەر دڵسۆزی و خۆشەویستی نەتەوە بەرامبەر
خونکار و فەرمانڕەوالی لە ئارادا نەبێ، سامانی خونکار
یاخود فەرمانڕەوالی بەکەری بێ نەزح دەمێنێتەوە و هیچ
کارێکیشی لێ نایەتە سەر!..
دوالی: لەبەر ئەوەی فەرماندارەکان ناچارن فەرمان ئەوەندە
بکەن کە لەو فەرمانانە زۆرترین کە بۆ خۆیانی دەکەن، کە لە ئەندازەی
کارگوزاریی خۆشیان زۆرترن، بێگومان زۆرتریش تووشی
لێپرسینەوە و، گلەیی لێکردن و، چەندوچوون کردن دێن

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة

لەسەر ئەو کاروبارانەی کە سستی یان پێکردوون. ئەوانە لەکەسانی تر، لەبۆرە پیاوان، زۆرتر لێ پرسینەوە و چەندەچوونیان لەگەڵدا دەکرێ، لەسەر هەڵەکانیان.

ئەوانیش وەك هەموو کەسێك، تووشی هەڵە و کەمتەرخەمی دێن. بەڵام لەبەر ئەوەی باری جیاوازی کردنی چاکەی گشتی بەسەر شانیانەوەیە، هەر سستی یەك لە هەڵسوڕاندنی ئەو کاروبارانەدا بنوێنن، بە تاوان و گوناه لەسەریان دەژمێردرێ.

جا ئەگەر فەرمانڕەواکان کەمتەرخەمی یان کرد لەوەدا کە هەموو بەخشێك بدەن لە پێناو فەرمانداری کردن بەسەر هەموو چین و دەستە و تیرەکاندا.. ئەگەر لەوەدا سستی یان نواند کە چاکترین ئامۆژگاری کار بدۆزنەوە بۆخۆیان، تا ڕاوێژیان لێ بکەن... یان ئەگەر بە چاوی سووکەوە سەیری کاربەدەستەکانی خۆیان کرد و بایەخیان پێنەدان.. ئەگەر لێیان نەکرا خۆیان بکەن بە نموونەیەك بۆ کردەوەی شیرین و کاری ڕەنگین و کەسایەتی یەکی بڵند و پەسەند لەناو نەتەوەکەی خۆیان دا.. ئەگەر لە دامەزراندنی دادپەروەریدا خۆیان ماندوو نەکرد.. ئەگەر لە پاراستنی لە تاوان و لە گوناهاندا کاریان بۆ نەچووە سەر... ئەگەر لە پاداشت دانەوەی کارگوزارانی کۆڕی

insititut kurde de paris

وزارة الاعلام
مديرية الاعلام العامة
مديرية الرقابة
مسموح



کاروباری گشتی دا هونەریان نەنواند.. ئەگەر لە ئەنجامدانی گوناهبارو
سەرکێشی دا … یان پیشان دا... ئەگەر دووربینی و
خۆئامادەکردنیان بۆ سەرگەردانی ناکاو، خستە پشت
گوێوە.. یاخود خەمخۆری ئەو پێوەرەیان نەکرد، کە
دوورنیە شەڕو ئاژاوە بەرپا ببن..

ئەگەر کاربەدەست و پارەلێدەرەکانیشیان لەسەر ئەو
بنچینەیە هەڵ نەبژێرن بۆ پایە هەرە بەرزەکانی فەرمانڕەوایی
کە سەربەخۆیان بن و خەلک هەڵ بگرن پایەی وا بەرزیان بدرێتێ
ئەگەر پشتی فەرمانڕەواییان وا بەهێز نەکرد کە جێگای
هەرەباشی بگرێت لەناو فەرمانڕەوایانی جیهان دا، کە
هێزێکی پەسەند لە ژێر چنگیدا بێ..

ئەگەر ئەو سەردار یاخود فەرماندارانە، لە هەموو جێگا و پێگایەکدا
لە هەموو کاتێکدا، چاکەی گشتیان نەخستە پێش چاکەی
تایبەتی خۆیانەوە..

ئەگەر ئەو سەردارانە وایان نەکرد.. بێ گومان تاوانباری پێرکی
وادەنوێنن و گوناهێکی وا دەکەن، کە لە تاوان و گوناهی ئەوانە
خراپتر و توندوتیژترە کە فەرمان و یاساکانی خوای دەشکێنن.
ئەوسا ئەنجام خۆشیان لە ژیانی تایبەتی خۆیان دا … و پاک
بن، لە لێپرسینەوەی خوای و نەتەوەی ڕزگاریان نابێ!

تەواو بوو